# پێشەکی

خوێندنەوە بابەتێکی فرە هەستیار و بایخدارە و گرنگە، چونکە خوێندنەوە قوتابخانەیەکە بۆ زانا و داناکردن و تێگەیاندن و پێغەیاندنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، هەروەها مامۆستایەکی دڵسۆزیشە بۆ ڕزگارکردمان لە چنگی نەفامی و نەزنی و نەخوێدەواری کۆلەواری و بێ ئاگایی و بێ هەستی گرنگی ئەم پرۆسەیە بۆ ئێمە وەکو گرنگی خوێنە بۆ جەستە، چونکە بەبێ خوێندنەوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک، ناتوانین لە واتا و مەدلوولەکانی ژیان و بوونەوەر تێبگەین. هەروەها ناتوانین بە شێوەیەکی تەواو تەندروست بە ئەرکی سەرشانمان هەڵبستین و پیت لەسەر خاڵەکان دابنێین.

نە خوێندنەوە لە کوردستان، زەنگێکی بڤە و مەترسیدارە، هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ نەوەکانی ئایندەشمان، چونکە ئایندەیی نەوەکانمان پەیوەستە بە ئیمڕۆمانەوە، ئەگەر ئیمڕۆ بناغەیەکی مەحکەم و پتەو بۆ نەوەکانمان دانەڕێژین، نەوەکانمان ناتوانن پاشەڕۆژی خۆیان لەسەری بینا بکەن.

هەڵبەتە جیاوازی نێوان کەسی خوێندەوار و نەخوێندەوار وەکو جیاوازی نێوان (بینا و نابینا) وایە، بەڵام هەر کاتێککەسێ بیناش وەکو نابینا چاوەکانی لە ئاست زانست و خوێندن و خوێندنەوە داخست، ئیدی ئەو کاتە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نامێنێ، پێم وایە وتەی وێڵ رۆجەرز پڕ پێستی خۆیەتی کەلە بارەیەوە دەڵێت: ئەو کەسەی ناخوێنێتەوە، عالی باشتر منیە لەو کەسەی نازانێت بخوێنێتەوە.

## قەیرانی کەم خوێندنەوە لە کوردستان

مەخابن! لە کردستان حازر گەلی کوردستان، لە چەندین قەیرانی فرە جۆردایە، یەکێک لەو قەیرانانە، قەیرانی کەم خوێندنەوەیە، هەرچەندە ئێمە هیچ ئامار و داتایەکی فەرمیمان لەبەر دەست دانییە، تاکو بزانین خوێندنەوە لە کردستان لە چ ئاستێک دایە، بەڵام من پشتڕاستم، کورد لە ڕیزی پێشەوەی ئەو میللەتانە دایە، کەکەم دەخوێنەوە.

بۆیە پرسیارێک کە بەردەوام لە مێشکی ئێمەدا هەیە، ئەمەیە: بۆچی و لەپای چی خەڵکی کوردستان کەم دەخوێنەوە؟ بەڕاستی ئەمە پرسیاری هەمووومانە، بە پزیشک، ئەندازیار، سیاستڤان، نووسەر، ڕۆشنبیر، مامۆستا، هونەرمەند، شاعیر، کاسبکار و شوان و جوتیار و .....تاد.

ڕەنگە بەرسڤەکەی سنا نەبێت، چونکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ پشت بە ئەنجامی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییانە ببەستین کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، بەڵام مخابن، یان ئەو جۆرە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە لە کوردستان نەکراون، هندە کەمن، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن!

گەلۆ! ئەگەر خوێندنەوە بۆ گەلانی سەردەست و سەربەخۆ و پێشکەوتوو، کارێکی باش و بە سوود بێت، بۆ گەلێکی ژێردەست و تەپەسەری داماوی وەکو کورد دەبێ چەندە پێوست و عەیاتی بێت؟! چونکە دەوڵەت بەبێ شارستانیەت دروست نابێت، شارستانیەتیش بەبێ زانست و زانیاری دروست نابێت، زانست و زانیاریش بەبێ خوندنەوە و خۆشارەزاکردن دانامەزرێ و نایەتە ئاراوە.

ئەی باشە ئەگەر وابێ، بۆچی ئەم دیوارە پتەوەمان لە نێوان (خۆمان) و (خوێندنەوە) دا دروست کردووە؟ ئاخۆ تاکی کورد ساڵانە چەند کتێب دەخوێنێتەوە؟ ئایا ڕێژەی ئەوانەی دەخوێنەوە لە سەدا چەندە؟ ئایا خوێندنەوەمان لە ئاست بەرز خوازی و تموحی ئێمەدایە؟

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان (ئەوروپا) و (ئیسرائیل)، لەگەڵ وڵاتانی (عەرەب) یدا بکەین، کە ئێمەش هاوشانی عەرەبەکان، لە دەڤەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین، بۆیە ئەگەر حالمان لە حالی ئەوان خراپتر نەبێت باشتر نیە، چونکە گەلێکی(٤٠-٥٠) ملیۆنین، کەچی هێشتا نەک (دەوڵەت)ێک، بگرە (دەوڵەتۆک)ێکیشمان نییە، بەڵام عەرەبەکان هەر هیچ نەبێ ئێستا (٢٢) دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریان هەیە.

د. زید علی الفیصل لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئامارەکان بە دیاری دەخەن، کە هەر تاکێکی ئەوروپیی ساڵانە تێکڕا (٣٥) کتێب دەخوێنەوە، تاکێکی ئیسرائیل یش ساڵانە تێکڕا (٤٥) کتێب دەخوێنەوە، لە کاتێکدا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەهەر (٨٠) کەس پێکەوە، ساڵانە یەک کتێبیان بەردەکەوێت، هەروەها

د. زید دەڵێت تاکێکی ئەوروپایی (٢٨٠٠) کەڕەت لە تاکێکی عەرەب ڕۆشنبیرترە تاکێکی ئیسرائیلیش (٣٢٠٠) جار!!.

ئامارەکانی نیشتیمانی عەرەب پێمان دەڵێن: "منداڵی عەرەب، لە ساڵێکدا سەد لاپەرەش ناخوێنەوە، بەڵام منداڵێک لە رۆژئاوا ساڵانە پەنجا کتێب دەخوێنەوە". کەچی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان پێکەوە ساڵانە، تەنها (٣٣٠) کتێب وەردەگێرنە سەر زمانی عەرەبی، ئەم ژمارەیەش دەگاتە پێنج یەکی ئەوەی کە بە تەنها لە وڵاتی یۆنان وەردەگێردرێت، کە وڵاتێکی تا ڕادەیەک بچووکە و ژمارەی دانیشتوان چارەکە ملیارێک لای داوە، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، لە وڵاتی دانیمارک کە حەشیمەتی ناگاتە پێنج ملیۆن و نیو، (٩٢١) کتێبی چیرۆک و ڕۆمانی وەرگێردراونەتە سەر زمانی دانیماریکی (٧٠%)ی ئەو کتێبانە لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگرێدراون، هەر هەمان ساڵ لە هەمان ڕشتدا، (٦٩٤) کتێبی خۆماڵی چاپ بووە.

بەشی وڵاتانی عەرەب لە بەرهەمهێنانی کتێب لە جیهاندا ١.١% کە ١٥% ئەو پەرتووکانەش ئایینین.

لە جیهانی عەرەبدا بۆ هەر(١٠٠) کەس (٥٣) دانە ڕۆژنامە چاپ دەکرێت، ئەم ژمارەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەرامبەر ٢٨٥ دانە ڕۆژنامەیە، واتە پێنج بەرابەرە لەگەل وڵاتانی عەرەب.

هەروەها بە گوێرەی ئاماری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ژمارەی ئەو پەرتووکانەی کە تەنیا لە یەک ساڵدا بۆ زمانی ئەسپانی وەرگێڕدراون، بەرامبەرە لەگەڵ ژمارەی ئەو پەرتووکانەی لە ماوەی پەنجا ساڵدا لە بیست و دوو وڵاتی عەرەبی هاتینە وەرگێران!!

جێگای داخە تا ئێستایشی لەگەڵ دابێت توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتوو لەسەر ئەم بابەتە گرنگەنەکراوە تاکو بزانین ئاخۆ کورد بۆچی و لە پایی چی (ناخوێنێتەوە)، یان بۆچی (کەم دەخوێنینەوە)؟! پیم وایە فاکتەرەکانی قەیرانی نەخوێندنەوە لە کوردستان، فرەجۆر و فرە ڕەهندن، چونکە سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە، هۆکاری سیاسی، ئابوری، زانستی، شارستانی، کلتوری، ئابووری، مێژووی و تەنانەت کەسۆکیشی لە پشتە، لە ڕا بۆ شیتەڵ کردنی ئەم باسە، پێوستمان بە سەدان لێکۆڵینەوەی بابەتی و زانستی هەیە چونکە ناکرێ هەروا بە سادەیی و ساکری بەسەریدا باز بدەین، یان تڤەنگ بە تاریکییەوە بنێیین!

**هۆکارەکانی کەم خوێندنەوە لە کوردستان فرە زۆرن، بەڵام بە هزر و تێڕوانینی بەندە، گرنگترینیان ئەمانەن:**

١- نەبوونی قەوارە و دەوڵەتێکیسەربەخۆی کوردی

٢- نەبوونی سەنتەر و ناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی فرەڕەهەند و هەمە لایەنە.

٣- نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی زانستی بۆ بە سیستماتیککردنی ژیان.

٥-بوونی چاو ساگ و پێشەنگ و ئزموونێکی کەسانی سەرکەوتوو، لە بیاڤە جیاجیاکانی ژیاندا.

نەخوێدەواری لە ئاستێکی بەرز دایە، بە تایبەت لای کەسانی بە تەمەن و ئافرەتان.

٦- بێ پلانی و بێ بەرنامەیی پسپۆرانی پەروەردەیی و مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکان.

٧- دیاردەی جیهنگیری (عولمە) و، پەیدابوونی کەناڵە فرەجۆرەکانی بینراو بیستراو نووسراو، تاکەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و مەودایەکی کەمی بۆ خوێندنەوە جێ هێشتووە.

٨- دابڕانی ئێمە لە شارستانیەتە جیهانییەکان.

٩- ولاتانی دەرووبەر کاریگەریەکی نەرێنی و خراپیان لەسەر ئێمە هەیە.

١٠ نەریتی خوێندنەوە لە کۆنەوە پشتا و پشت بۆ ئێمە نەگوێزراوەتە، تاک ببێت بە کلتورێکی چەسپاو و جێگیر لای تاکی کورد.

١١- هیچ کاتێ ئێمە وەکو فریادەڕەسێک سەیری کتێب خوێندنەوەمان نەکردووە، بەڵکو وەکو کاڵایەکی کەم بەها کەوتووتە بەر چاومان، تەنانەت ئێستاش لو ناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەها و ئەرزشی کەسانی سەرمایەدار و دەوڵەمەند سەد جار لە بەهای نووسەر و کتێبە بەهێز و بە پێزەکان زیاترە، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەمەندانە بە شێوەیەکی (نەیاسایی و نا شەرع)یش خۆیان پارەدار کردبێت!!

١٢- نەبوونی سیستەم بۆ ڕاهێنانی کۆمەڵگە لەسەر خوێندنەوە و بە کولتوورکردنی خوێندنەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

١٣- نەبوونی هاریکاری و هەماهەنگی لەلایەن ناوەندە ڕۆشنبیری و پەروەدەیی و زانستییەکان لەلایەک، هەروەها خیزان و خانەوادەکان لە لایەک ترەوە، بە مەبەستی ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ خوێندنەوەیکی سیستماتیک و ڕێکو پک.

١٤- پشتگوێ خستنی ئەم پرسە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و پلاندانان و کار و کاروباری کۆمەڵاتی و ...تاد.

١٥ نەبوونی وشیاری (وعی) و، نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و معریفی و زانستی لای تاکەکانی کورد، وای کردووە کتێب و خوێندنیەوە ئەو بەها و ئەرزشەی نەبێت کەهەیە.

١٦- گەشە نەکردنی بەهاکانی خوێندنەوە لای تاک و کۆمەڵگە بەگشتی.

١٧- تەمبەڵی و تەوەزەلی و بێباکی تاکی کورد.

١٨- نەبوونی هاندەری ماددی و مەعنەوەی لە لایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە، بە مەبەستە خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا.

## باشترین کات بۆ خویندنەوە

مرۆڤەکان، بە حوکمی کار و پیشە و شوێنی نشتەجی بوون و رەوشی ئابوری و کۆمەڵاتی و کلتوری و شارستانی و خێزانییان، ناتوانن کاتێکی دیاریکراو بۆ خوێندنەوە دابێن، چونکە هەر یەک لە ئێمە، هەڵ و مەرجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر گەڕەکمان بێ خوێندنەوەکەمان سود بەخش بێت، پیوستە لە ژێر ڕۆشنایی هەڵ و مەرجی تایبەت  بە خۆمان، باشتیرن کات بۆ خوێندنەوە  بدۆزینەوە و تەرخان بکەین.

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین ئەم هاوکێشەیە بەکار بینین: (باشترین کات بۆ خویندنەوە= بە خویندنەوەیەکی سود بەخش و مفادار).

زۆرێک لە پسپۆرانی بواری پەروەدە و فێر کردن پێیان وایە باشترین کات بۆ خویندنەوەی کتێب بە شێوەیەکی گشتی، دەمە دەمی بەیانیانە، واتە سەرەتایی کازیوە و بەرەبەیانە، چونکە لەم کاتەدا خانەکانی مێشک و خوێن و پێکهاتەکانی ناو کەلی مرۆڤ ، ساف و بێ گەرد و ئەکتیڤن، هەروەها

ئەندامەکانی تری  لەش و جەستەش دوورن لە حالەتی گرژی و شەکەتی و هیلاکی، هندیس زانا (ژوست) پێی وایە: شەویش پێش نووستن، یەکیکە لە کاتە هەرە باشەکان بۆ خوێنەوە.

گرنگ ئەوەیە لەو بیست و چوار کاتژمێرەی کە لە شەو و ڕۆژێکدا لەبەر دەستمان دایە، باشترین و گونجاوترین کات بۆ خوێندنەوەی خۆمان تەرخان بکەین.

## باشترین شوێن بۆ خوێندنەوە

هەڵبژاردنی شوێنێک بۆ خوێندنەوە، ک لە گشت ڕوویەکەوە گونجاو بێت، زۆر پێوستە، جا ئەوشوینە لە دەرەوە بێت، یان لە ماڵەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە دەرەوە بێت پێوستە شوینەکە ئارام بێت و دوور بێت لە جەنجالی و هاتوو چۆ و دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکان، بەڵام ئەگەر لە ماڵەوە بێت، وا باشە ژوورێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت و ژوورەکە لەم تایبەت مەندییانە بەهرە مەند بێت: ئەندازەکی مام ناوەندی بێت، واتە نە زۆر گەورە، نەزۆر بچوک بێت، هەروەها تاریکیش نەبێت، ڕووناکیەکەی زیاد لە پیوست نەبێت، دوور بێت لە جەنجاڵی و قەرەباڵغی، دوور بێت لە ڕێگای هاتووچۆیی ئۆتۆمبیل و خەڵک، کەرەستەکانی وەک تەلەفزیۆن و سەتەلایەت و ئۆتۆمبێل و خەڵک، کەرستەکانی تەلەفزیۆن و سەتەلایەت و ڤیدۆ و تەسجیل و تابلۆی هەڵواسراو.. تاد تێدانەبێت، ڕێک و پێک و ڕازاوە بێت، هەروەها دەبێت لە زستان و هاوینان پلەی گەرمی و ساردی ڕادەی شێی گونجاو بێت، هەوا گۆڕکێی تێدا بێت جار بە جار هەوای ژوورەکە بگۆڕیت، تیشکی خۆر لێبدات، هەروەها بە وێنە و شتی بریقەدار نە ڕازێندرابێتەوە و شتی سەرنج ڕاکێسی تێدا نەبێت، تاکو سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕانەکێشت  و زەینی لای خوێنەوە بێت.

بۆیە ئەگەر خوێنەر توانای ئابوری و دارایی باش بێت یان مامناوەند بێت وا باشە ژوورێک بۆ خوێندنەوە تایبەت بکات، بۆ ئەوەی پێوست بەوە نەکات هەر جارە و ڕوو لە شوێنێک بکات و لە کەش وهەوایەکی جیاوازدا بخوینێتەوە کاتێکی زۆری لێ بەفیرۆ بڕوات.

گرنگ ئەوەی لە شوێنێک بخویننەوە کە لە رووی دەرونی و جەستەیە وە تەواو ئاسودە بن و هەست بە دڵە ڕاوکێ و دڵە تەپی و نیگەرانی و دڵ تەنگی و دڵ گرانی و سەخلەتی نەکەین.

## سەرچاوەکان


**١- محمد سالح پێندرۆیی، قەیرانی کەم خویندنەوە، ٢٠١٨**

۲- www.xandan.com